# ڕەوتی نوێگەری لە شیعری کوردیدا

توێژەر
م.ی. حسین محمود علی
زانکۆی گەرمیان
فاکەڵتی پەروەردە ــ سکوولی پەروەردەی بنەڕەتی
بەشی زمانی کوردی

## پێشەکی

پێناسەی پەخشانە شیعر/ لە بەرامبەر شیعردا، ئاخاوتنێکی بەر ڕەهایە، کە کێش و سەروا نایبەستێتەوە، جیاوازی لەگەڵ ئاخاوتنی زمانی دواندن (لغە التخاگب)ی ڕۆژانەدا، ئەم هونەرێکی ئەدەبییە لەو بالاترە، کە دەربڕی ئازاری دەروونی، ئەزموونی هزرییە بەروونبێژییەکی کاریگەر، شێوازێکی هونەری جوان.

شاعیرییەت بووەتە چنینێکی بینیی تایبەت لە زمانێکی پێکاهەتەیی جیاوازدا، بە ئاوەڕ نەدانەوە (صرف النقر) لە بابەتی کێش و سەروا، ئەمڕۆ هۆنراوەی پەخشانی لە دەشتایە شیعری پەخشانکراودا وەکو هەڵبەستی پەخشان، کەلە پوورێکی هاوچەرخ، شوێنێکی دەرکەوتوو لە بەرهەمی ئەدەبیات و شاعیران لە سەرەتای ئەم سەدەیە تاوەکو ئەمڕۆ داگیرکردووە.(*)

نوێبوونەوە یان نوێکردنەوە، یان نوێگەری دیاردەیەکی بەردەوامە لە بوون (الکون) و سروشت و ژیاندا وەکو ڕووداوێکی واقیعی و سروشتێکی جێگیر. نوێبوونەوە گشتگرییە، واتە هەموو جومگەکان دەگرێتەوە، قاڵب، شێوە، ناخ، هزر، دەروون ....

نوێگەری ڕەوتێکی نەبڕاوەیە، گەر ڕابگیرێت پێشکەوتن و پەرەسەندن و گەشەکردن دەوەستێت و بەوەش ژیان خامۆش دەبێت و دەوەستێت، کە کۆتایی هەموو شتەکانە، مانەوەی شتەکان لە تەمەنی خۆیان دا، لە کاتێکدا دووروبەر لە نوێبوونەوەدایە ئەو چێژ و خۆشی و وەرگرتنەی نامێنێت و بەرەو مردن دەچێت.

لە ڕووی فەرهەنگییەوە سوودمەند نابین، چونکە ڕاڤەی فەرهەنگی (نوێ New)ی کردووە، هەروەها وشەی (Newfangled)یش هاتووە بە واتاکانی (نوێخواز، سەردەمیانە، بە پێی نوێترین شێواز)(1)، بەڵام لە ڕووی زاراوەوە، لە فەرهەنگە درێژکراوەکانیشدا وەکو (المعجم المفصل)دا نەهاتووە(2).

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لەم توێژینەوە ئەدەبییەدا، زاراوە و چەمك و واتای فراوانی ستراتیژییە لە نوێکردنەوەی یەکێك لە ڕەگەزە گرنگەکانی ئەدەب، کە شیعرە. دەست ڕەنگینی داهێنان و پێنووس و هەڵکشانی هزر و دووربینی دروست لە پلان دانان و بەجێهێنانی کاری ئەدەبی و شیعری وەکو ستراتیژییەتێکی تایبەت بەم بوارە، بەلای منەوە ستراتیژییەتی شیعر دەبێت بە دوو لقەوە، یەکێکیان ستراتیژییەتی شیعر بۆ شیعرە وەکو هونەر بۆ هونەر (ستاتیکا)، واتە بە پێشەوەبردنی شێوگ و شێوازی شیعری بە هەموو بەشەکانییەوە، کە سەرەکی ترینیان زمانە، زمانی شیعر بە پەیڕەوکردنی بنەما و ڕێسا و یاسای شیعر بە گوێرەی تەوژم (تیار)، کە لە قوتا بخانە گەورەترە و قوتا بخانە و شە پۆل و ڕێبازی شیعری بە پێی سەردەمەکانی لەگەڵ هونەری جوانکاری (ستاتیکا)دا. ستراتیژی هەم پەیگیرکردن و مەزراندنی (التزام و توقیف) شیعرە بەتایبەت و ئەدەب بەگشتی بە ژیانەوە، بە ژیانی کۆمەڵ و گەل و نەتەوە، پێوەست و پەیگیر کردنی شیعرە بە مێژووەوە، وەکو ستراتیژییەتێکی مێژوویی ڕەوت دار، ئەو دەمە ئەدەب و شیعر دەبنە ئاوێنەیەکی بێگەردی بالا نمای مێژوویی گەلان و کێشە درێژخایەنەکانی ناو کۆمەڵگە.

شاعیر دەبێتە گەواهێکی بێ لایەن و دیکومنت نووسێکی ڕاستگۆ لە شێوازێکی نوێی سەردەمدا. ئەو دەمە هەردوو دیکۆمێنتی شیعری و ستراتیژییەت یەکدەگرن. شکۆیی و نەمری بۆ شیعر تۆمار دەکەن، ئێستاش شیعرە نەمرەکەی مەلا حەمدونی ساڵی ١٩١٦م لە وەسفی جەنگی جیهانی یەکەم و دەرهاوێشتەکانی خۆی لە خۆی دا دوکیۆمێنت و شیعریشە و هەروەها بۆ نموونەیەکی تر، هۆنراوەی (نەوروزی) پیرەمێردی ساڵی ١٩٤٨م(3)، ئەمانە ستراتیژییەتیان داڕێژا، یەکەم بۆ نەهامەتییەکانی شەڕ و دووەم

بۆ خەباتی نەپساوەی گەلانی عێراق و گەلی کورد[٤]، بەڵام لە بەرگێکی نوێدا دارێژرایەوە لە ناوەڕۆکدا. ئەم توێژینەوە بریتییە لە سێ بەش، یەکەم (میتۆد)ە، واتە هێڵی گشتی و ستراتیژی (مەبەستی دوور)ە لە نوێگەری دا، کە بریتییە لە پێناسە و چەمك و سەرەتاکانی سەرهەڵدانی نوێگەری لە جیهان دا، لە ئەمریکا و لە ئەوروپا و بەتایبەت رێنیسانس و سەرهەڵدانی رۆشنگەری وەکو نەخشەیەکی گشتی.

تەوەری دووەم رەوتی نوێبوونەوە لە ئەوروپا و دواجار لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و بەتایبەت وڵاتانی عەرب و گەلانی رۆژهەڵات، کە کورد کەوتە ژێر کاریگەریێتی نوێبونەوە و نوێکردنەوەی عوسمانی، یان شاعیران و ئەدەبیاتی تورك.

تەوەری سێیەم بریتییە لە نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە ژێر کاریگەریێتی شاعیرانی تورك، ئەم نوێگەرییە بەچەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت، کە لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی بیستەم دەست پێدەکات، هەتا سییەکان و چلەکانیش، قۆناغی دووەم لە پەنجاکانەوە دەست پێدەکات، هەتا هەشتاکان لەم ماوەیەدا دوو گروپی گرنگی ئەدەبی نوێکردنەوە سەرهەڵدەدەن، ئەویش هەردوو گروپی روانگە و کفرییە. دوا قۆناغ دوای راپەڕینە، جیاکردنەوەی سنووری نێوان ئەم دوو قۆناغە کارێکی ئاسان نییە، بەڵام هەر قۆناغێك سیما و کاریگەری و تایبە تمەندی خۆی هەیە.

لەم توێژینەوەدا رێبازی شیکردنەوەی بیرورا و سەرچاوەکانم پەیرەو کردووە، دوایی رێبازی رەخنەییم بەکار هاوردووە لەگەڵ بیرو بۆچوونی خۆم بە پێوەرێکی ئەکادیمیانەی زانستیانە دوور لە دوو دڵی و خەملاندن، کە دەبنە هۆی شێواندن و لاوازکردنی ئەنجامەکان، ئەوەی جێگەی دڵشادییە شیعر لە ناخی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت، خورپە و ئیلهام هەوێنێتی، بۆیە پتر لە لێکدانەوەیەك هەڵدەگرێت.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵم داوە شتێکی نوێ لە نوێگەری دا بخەمە روو، چونکە ئەم بابەتە بنەمایەکی گرنگی ژیانە و داینەمۆی رەوتەکەیەتی، رووداو و رەوتی شیعری کوردی وەکو رەهەندێکی کوردی، ناوچەیی، جیهانی نوێگەری بەخۆیەوە بینیوە و بەردەوامە نموونەی زۆر دەوڵەمەندمان هەیە و لێکۆڵینەوەی گەڵاڵەکراوی رەخنە ئامێزی زۆری لێ کەوتۆتەوە و کاریگەری زۆر هەیە لە نوێکردنەوەی رەوت و رەوشی ژیانی کۆمەڵگە. هیوادارم بەمە تواییێتم لە بیناسازی نوێکردنەوەی ئەدەبی کوردی (شیعر) بەشدارییەکی بچووکم کردبێت، وەکو ئەرك و پێداویستی نەتەوەیی.

## بە شی یەکەم

## تەوەری یەکەم:

## میتۆد (منهج) Method

١- پێناسە: گەر بپرسین واتای (منهج) چییە؟ وەڵام: بەواتای رێباز و رێگەی گشتی و روونی هاتووە، لە زماندا رێگەیەکی روونە، هەر رێگەیەکی روون رێبازە، پەروەردگار لە قورئانی پیرۆز و لە سورەتی (المائدە) و ئایەتی (٤٨)دا دەفەرموێ: {لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجاً}، لە رێبازی ژیاندا، ئەم چەمکە لە گۆڕەپانی پەروەردەدا پیادە و پێکەڵە (تكبيق) کراوە، ئێمە بۆ هەر لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیەك رێبازێك هەڵدەبژێرین، وەکو رێگەو بەرچاو روونییەك بۆ پێناسەی میتۆدی نوێکردنەوە، نوێبوونە، نوێگەری.

پێناسەی وشەی (نوێکردنەوە: Modernism) وەکو زاراوەیەکی زمانەوانی بەمانای (نوێ)، یان (هاوچەرخ) دێت، نوێکردنەوە، واتە (تازەکردنەوەی کۆن)[٥]. هەروەها نوێکردنەوە، واتە: (کردارێك، یان حاڵەتێکی تازەبوونەوەی شتێك)[٦].

گەر نوێگەری بە واتای (الحداپە) هاتبێت، بەتایبەت لە هۆنراوەدا ئەوە بە واتای جوانکردنی دیمەنی وێنەیە لە بیژەو واتاو کێش و سەروادا.

هەروەها نوێکردنەوە، گەر بەمانای (التحديث) هاتبێت، ئەوە دەگەیەنێت دەبێت جگە لە وشەی ئاسان و سووك لە زماندا، کە خەڵکی هاوچەرخ بەکاری دەهێنن و چێژی لێ دەبینن هیچی تر نییە، پێش هەمووشتێك دەبێت نوێیەتی بناسێنین: (نوێیەتی یان نوێکردنەوە " التحديث" زاراوەیە، مەبەستمان لێی ئەوەیە شتێك لە نیشانەکانی سەردەم، کە ئەو سەر بەوە. هەڵبگرێت، نوێیەتی بەهایەکە لە بەهاکانی ژیان تایبەت نییە بەشیعرەوە، بەڵکو هەموو هۆیەکان و هەڵوێستەکان و چالاکییەکانی ژیان و مرۆڤ دەگرێتەوە)[٧].

وەکو رای تاکەکەس بۆ زاراوەی (الحداثة) – نوێیەتی و بۆ (التحديث) نوێگەری دابنێین، یان نوێبوونــەوە دابنێین. کێشەی ئێمە ئەوەیە تاوەکو ئێستا (ئەکادیما)یەکمان نییە، هەموو لەسەری کــۆك و گــرد بــین و رزگارمان بێت لە رای تاکەکەسی، بۆیە فرە زاراوەیی هاتووەتە کایەوە، ئەمەش گرفتێکی زۆر دروست دەکات.

## چەمکی میتۆد (Method):

رێگەیەکی تایبەتە بۆ ئەنجامدانی (شتێك)[*]. لە باشێتی پلان دانان، رێکخســتن، شــیکردنەوەیەکی باوەرپێکراو و کاریگەر و زانستی زانیارییەکانە. رێگەیەکی نوێیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. رێگەیەکی زانستی و بەرنامە ئامێزە، رێبازی دڵنیاییە بۆ چارەسەرکردنی بابەت و گرفتەکان. (توێژەر).

رێگەیەکە، یان گرتنەبەری رێگەیەکە، یان سیستەمێکە پرۆگرامێك یاخود مادە و بابــەتێك لەســەری دەچێت، واتە میتۆد دەبێتە پێوەر و ستاندارد (standard) بۆ ئەو مادەیە، بۆ ئەوەی زانستگەرایی ئــەو مادەیە بپارێزێت و تووشی تێکەڵی و شێوان نەبێت. چونکە میتۆد پێوەرێکی زانستییانەیە، دەچێتە بــواری توێژینەوەی زانستی، زیاتر گشتییە تا تایبەتی، تێگەیەنراوێکە (مفهوم Concept)، یان بیرۆکەیەکی گشتییە و دەبێتە رێگەی تایبەتی بۆ مادەیەك لە کاتی وردکردنەوە و بەرەو پسپۆری چوون.

هەوڵمدا سەرچاوەیەك بدۆزمەوە، کە لەمەڕ چەمك نەك پێناسەی میتۆد بدوێت، بــەڵام نەمبینییــەوە. چەمك نە پێناسەیە و نە لێکدانەوەی تەواوە، ئەڵقەی گەیاندنە لە میانی پێناسە و لێکدانەوەی مادەیەك. گەر میتۆدمان نەبێت ناتوانین شۆڕ ببینەوە بۆ قوڵایی و پسپۆری وردی مادەیەك، بیرۆکەیەکی تەواو و گشتییە لە بارەی بابەتێکەوە، لە پێناسە فراوانترە.

دەچێتە بواری زانستگەرایی، پێی دەڵێن: (Methodology). لە گرنگیبیا یەکەمین هەنگاوە و چوونە ناوەوەیە بۆ هەر پرۆژەیەکی زانستی، وێژەیی، هونــەری، هــزری ... و رێخۆشــکەرە بــۆ ئــەو مەبەســتە و ئاسانکارییە. بەڵام هەڵبژاردنی میتۆد، یان رێبازی گشتی کارێکی ئاسان نییە. دەبێ لــە پێشــا رەهەنــدە جۆراوجۆرەکانی ئەو توێژینەوە، یان لێکۆڵینەوە بەباشی و وردی بزانین، ئەمجا دەستنیشانی دەکرێت، وەکو چۆن کاڵا و پۆشاکێك دەبڕێت بەبالای کەسێك بەبێ زیاد و کەم.

وەکو لە پێشەکییەکەدا هاتووە واتایەکی فەرهەنگی نییە بۆ زاراوەی نوێکردنەوە، کە یەکە مجار لەلایــەن فەرەنسایییەکانەوە زاراوەی (Modernisme)یان بۆ دانا، کــە دەرهاوێشــتەی دەرکــەوتنی ســەردەمی عەقڵگەراییە.

**٢-زەمینە و هۆیەکانی تازەکردنەوە و نوێگەری:**

"فەیلەسووفەکانی ئەوروپای سەردەمی رۆشنگەری لە سەدەی هەژدەهەم دا بە ئاوایەکی دیکـە کەوتنـە توێژینەوەی پێودانگە ئێستاتیکییەکان.[٨] فەلسەفەی وایان دارِشت، کە نوێهاوردن ببێتە بەڵگەیـەك بـۆ داهێنان، نوێگەری ببێتە پێوەرێك لە هونەر و ئەدەبیاتدا"[٩].

لە ساڵی ١٧٨٩م شۆڕشی فرەنسا و دامەزراندنی سیستەمی پەرلەمانکاری، لە ئاکامی ئەمەشدا جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی* مرۆڤ و دەرککردن بە بەها ئازادییەکانی تاکەکەس، هاوزەمانی ئەمانـەش شۆڕشـی پیشەسازی و شۆڕشەکانی ئینگلستان (١٨٢٦ – ١٨٥٦م)، پاشانیش ئەو نیزامە فکرییەی، کە بە (سەردەمی رۆشنگەری) ناسراوە لە ئەوروپای سەدەی هەژدەهەمەدا، لە ئەڵمانیا بە رێبەرایەتی (هیگڵ وکانت ١٧٢٤ – ١٨٠٢م و ١٧٧٠ – ١٨٣١م)، لە فەرنسا بەرابەرایـەتی (ژان ژاك رۆسـۆ ١٧١٢ – ١٧٧٨م، ڤـۆڵتێر ١٦٩٤ – ١٧٧٨م) و دیدرۆ و مۆنتسکیۆ، لە ئیگلتسانیش بە بەرێبەرایەتی (جۆن لۆك ١٦٣٢ – ١٧٠٤)، کاریگەرییەکی زۆریان هەبوو بەسەر سەرهەڵدانی بیری تازەگەری (Modernisme)، ئیتر لەو زەمانەوە ئەو پرسیارانەی پێوەندییان بە (نوێ) و (نوێگەرێتی)یەوە هەیە، بوونە پێوەر بۆ داهێنان و نوێگەری[١٠].

دیارە بزووتنەوەی رێنیسانس و رۆشنگەری و دەرکەوتنی بیروڕای فەلسەفی جیاواز و رێبازە یەك لە دوای یەکەکانی ئەدەبی و هونەری ئەم شۆڕشە فیکری و هونەری و ئەدەبی و... ، کە شیعر رەگەزێکی بەرجەستە بوو تێیدا – شۆڕشی ئابووری، لە پێشیانەوە شۆڕشی پیشەسازی و بانگێشتەی فەیلەسوفەکان و هاواری تـاکی کەس، ئەمانە هەموو بانگ، داواکاری، رزگاربوون لە دەسەلات و یاسا و بیروباوەڕەکانی ستەم و چەوسانەوە و پێشێلکردنی مافەکانی کۆمەڵگە و تاکەکەس و چەقبەستنی و دەرچـوون لـە سـەدەها سـاڵی تـاریکی و بەربەستی زانسی و زانیاری ماف و عەقڵگەرایی و رووناکی و گۆڕانکاری و نوێبوونەوە بوون، کە وەکو رەوشت و سروشتێکی نەگۆڕی ژیان و ئەمانە هەموو ستراتیژییەتێك بوون بۆ مەودایەکی دوور، کـە زیـاتر لـە چـوار سەدەیە کاریگەرێتی ماوە و دەمێنێ و ئەو گۆڕانکارییانەی لە رێبازەکاندا روویان داوە هەمووی بۆ پەرەپێدان و گەشەکردنی ئەو ستراتیژییەتەیە. نەخشە و پیلانی دارِشتن بۆ دوارۆژ، کە شاعیرانیش بە زەمـان و هـزری شاعیرانەیان بەشێکن لەم پرۆسەیە، کە بریتییە لە نوێبوونەوەی ژیان و ئیلهام و هەوێنی شیعری نوێ.

**تەوەری دووەم**

**١-میتۆدی ستراتیژییەتی ئەدەبی شیعری:**

ئەم زاراوەیە خۆم دام هێناوە، لە پێشا گەر هەبووبێ من نەم دیوە و پێی نازانم و هەوڵی بۆ دەدەم، گەر هەبێ بیدۆزمەوە. بەلام ئەو زاراوە هاوشان و هاوتەریب و هاوڕێی زاراوەی (تەکتیك)ە. یەکـەم مەبەسـتی پلاندانانی دوورە واتە: لە پێشچـاوگرتن و پێشـبینی دوورە مـەودا، بـەلام (تـەکتیك) پلاندانانـە بـۆ مەودایەکی کەمخایـەن، بـە پێی زۆری زەروورەتـی و کـەمی دەرفـەت بـۆ بەدەسـتهێنانی سـەرکەوتنێکی هەنووکەیی، یان دەرباز بوون لە شکستێکی هەنووکەیی. ئەم دوو دیاردەیە یاخود پلانە زیاتر لـە بـواری سەربازی (جەنگ) و لە بورای ئابووری و رامیاری دا دەردەکەوێت. بە پێی ئەو گۆڕانکاری و نوێبوونەوە پەیتا پەیتا و خێرا خێرایەی، کە لە ئاستی جیهانی و لە هەموو جومگەکانی ژیان بەهۆی پێشکەوتنی عەقڵەوە، کە تەکنۆلۆژیا بەتاییەت (ئینتەرنێت و کۆمپیوتەر)، ئەمانە، کە دەرهاوێشتەی هزرن و کاریگەری زۆریان

هەبووە لە سەر گۆڕین و دەرکەوتنی زاراوەی نوێ لە بورای ئەدەب – شیعردا. شیعر تەنها سۆز و هەڵچوون و ئیلهام و کۆکردنەوەی پاژە خەیاڵییەکان نییە بۆ دروست بوونی حاڵەتێکی شیعری لە چەند دێڕێکی کێش و ریتم و سەروادا، بەڵکو شیعر لە هەندێ حاڵەتیا، پێشبینییە بە پێی زەروورەت و ئیحتمال، تێڕامانە، مەودا دوورییە، ستراتیژیەتە لە فەلسەفەوە نزیکە، کە تیشکی راستییەکانە، شیعر هزر و بیرە، بیری قووڵە، پلانە، لێرەدا نوێگەریی شاعیر لە هزر و دووربینی لە شێوازێکی نوێ دا دەردەکەوێت، بەڵام بە زمانی شیعری، بە شێوازی شیعری نوێ، لە هەندێ حاڵەتدا لە فەلسەفەوە لە چاو مێژوودا نزیك تر و فراوانترە، چونکە مێژوو باس لە رووداوێك یان چەند رووداوێك دەکات، کە بەسەر چووە لە وانەشە دوور لە لێپێچینەوەی مێژووەوە تۆمار کرابێ، بۆیە تێکەڵی نادروستی و چەواشە دەبێت. بەڵام پێشبینی شاعیر بۆ رووداوەکان لە هزر و روانگەیەکی شاعیرانەی راستگۆوە سەر هەڵدەدا، بۆیە فراوانتر و راستگۆترە.[11]

دیارە کۆنترین پێشبینی شاعیرانە لە ئەدەبی کوردیدا، پێشبینییەکانی (ئێلی بەگی)یە[12]، کە زیاد لە دوو سەدەیە پێشبینی کردووە و بەشێکی هاتووەتە دی، دڵنیامیش پێشبینییەکانی (ئەحمەد موختار جاف)یش لێی هاتووە دی و ئەوەشی ماوە دێتە دی. دیارە لێرەدا هزرێکی شاعیرانەی خاوەن ستراتیژێکی دوور هەوێنی ئەو شیعرانەن[13]. ستراتیژییەتی شاعیر، گەیاندنی پەیامی شیعرێتی بۆ ئەو کەسەی، یان ئەو کەسانەی مەبەستێتی ئیتر پەیامەکە یا خودی شیعرەکەیە، یاخود شیعرە، کە دەبێتە هۆکارێك بۆ گەیاندنی ستراتیژییەتەکەی، وەکو لە پێشا ئاماژەم بۆ کردووە مەبەستم لە نوێبوونەوە زیاتر شیعرە، کە بەواتە شاعیرەکە. ئەمە لە رووی فیکرەوە زیاتر لە رێبازی کلاسیکی نوێدا دەبینرێت، کە بە قۆناغی دووەمی کلاسیزمییەت لە دوای کلاسیزمییەتی یەکەمی یۆنانی و رۆمانی دەژمێردرێت. بەڵام ئەگەر لە شێوازیشدا رووی دا، ئەوا تۆمارکردنی ستراتیژییەتی نوێی شیعرە، بەمەبەستی تەرییکردن و هاوشانکردنێتی لەگەڵ جومگەکانی تری ژیانا لە رێڕەوی شیعری و رێڕەوی گشتی دا.

ئەوەی گرنگ و مەبەستە لێرەدا کاریگەریی (نوێبوونە، نوێگەری، نوێکردنەوەیە) لە هزر و بیرکردنەوە و فەلسەفە و شێواز و تەرتیبکردنی شاعیرە، بۆ ئەوەی لەگەڵ سەردەم و رەوتی هەمیشە نوێبوونەوەی ژیاندا مەبەستەکان بگونجێنێت و شان بە شانی بێت. گەر بێت و شیعر، گۆڕانکاری لە بوارەکانی دا نەکرێت واتە نوێبوونە بە خۆیەوە نەبینێت، ئەوا دنیامیکییەتی تێدا نامێنێت و دەمرێت. مەبەست لە ستراتیژییەتی شاعیر بە هزری شاعیرانەی دارشتنێکی نوێیە لە شێواز و ناوەڕۆك دا بۆ داهاتوویەکی دیاری نەکراو، ئەمە پاڵ بە شاعیرەوە دەنێت هەردەم لە نوێگەری دا بێت، بەمە نەمری بۆ خۆی و شیعرەکانی تۆمار دەکات و لە رەوتی ژیانی دا هەمیشە لە گۆڕانکاریدا شان بەشان دەبێت.

## ٢- پلاندانانی ستراتیژییەت لای شاعیران:[14]

مەبەست لەم ناونیشانە داواکاری شاعیرانە بۆ دانانی پلان بۆ مەبەستە جیاجیاکان بە زمانێکی شیعری کاریگەر، شاعیران لەم رووەوە رێز لە داواکارییەکانیان گیراوە، چونکە شاعیر بەو چاوەوە سەیر دەکرێت، کە مرۆڤێکی نا ئاساییە، توانا و پێشبینی بەهێزی هەیە، خەمخۆری گەل و نەتەوەیە، گەر مەبەستەکەی نیشتمانی و نەتەوەیی بێت وەکو گلەیی و گازندە و هاندانەکانی (حاجی قادری کۆیی)، کە دەڵێت:[15]

هەرچی وەکوو بەیانم بۆ کردوون بە تەحقیق
پەیدا دەبن سەگانە، کام قوڕ بکەین بە سەرمان
لەم بەینەدا ئیتفاقیٚ پەیدا بکەن بە مەردی
فەرقی نەبیٚ شوان و جوتیار و میر و گاوان
جۆشێك بدەن وەکو هەنگ، تەکبیر بکەن بەبیٚ دەنگ
ئەسبابی شەڕ پەیدا کەن تۆپ و تفەنگ و هاوان
پاڕانەوە و تەوەککول لەم عەصرە پارە ناکا
تیرە دوعایی جەوشەن، پەیکانە حیرزی مەیدان

ستراتیژییەت، پلانێکی دوور و دێژە بۆ داهاتوو، پێشبینییەکی زانستییانە و لە سەرخۆیە بۆ رووداوەکانی داهاتوو، بەڵام بە بیرێکی نویٚ، ئەشیٚ ئەو رووداوانە، کە شاعیر پێشنیاری کردوون روو بدات، بەڵام بە پێی زەروورەت و (إحتمال)، ئەمەش لە خۆیدا نۆێگەرییە و هەموو شت دەگۆڕن، پێم وایە حاجی ئەرمەنیانی بە نموونەی کافری داگیرکەر دانابیٚ. دوور نییە تەمەنی شیعریی (حاجی قادر) هاوتەمەنی فەرمانڕەوایی (سوڵتان عبدالحمید) بوو بیٚ. دوور نییە ئەم قەسیدەیە کاریگەری خۆی لەسەر کوردی موسڵمان بووبیٚ و (سوڵتان عبدالحمید) سوودی لەم سۆزە وەرگرتبیٚ بۆ هاندانی کوردەکان بۆ گیانی ئەرمەنیان.

هەرچەند ئەم بیرەی شاعیر بیرێکی کۆنە پەرستییە، لە ژێر کاریگەری ئایینیدا داڕێژراو بێت، بەڵام پێشکەوتنە و لە گیانی نوێگەریی شاعیر کەم ناکاتەوە. چونکە گومان لەوەدا نییە ئەوەی شاعیر بۆی چووە لە وێستگە جیاجیاکانی ژیانییدا پاش سەردەمی خۆی بووە، ئەمە بە پیٚ هەڵکەوتنی مێژوو بە نوێگەری دەژمێردرێت.

<u>بەشی دووەم</u>

<u>تەوەری یەکەم</u>

<u>١-سەرهەڵدانی بیری تازەکردنەوە و نوێگەری</u> modernism

ئەوروپا یەکەم پێگەی سەرهەڵدانی نوێگەرییە دوای رۆشنگەری و رەهابوون و ئازاد بوونی عەقڵی مرۆڤی ئەورووپی لە بنەما بیرییەکانی کۆنی سەدەکانی ناوەڕاست و هاتنە کایەی عەقڵگەرایی. تیشکی نوێگەری هەموو جومگەکانی ژیانی گرتەوە، بەتایبەت شیعر لە ئەدەبدا، سیستەمێکی نوێی گشتگیری بەخشییە شیعر بەهاو چەرخ بوونی لەگەڵ رەوتی نوێی جیهانی، چونکە شاعیران زووتر هەست بە گۆڕانکارییەکان دەکەن بۆیە شیعری نویٚ ئەو هەستە بەرپرسێتی ئامێزە دەردەبڕن، چونکە ئامرازی نوێگەری لای شاعیر شیعرەکەیەتی.

<u>٢-چەمکی نوێکردنەوە، نوێبوونەوە، نوێگەری.</u>

نوێکردنەوە لەزمانی کوردیدا چەمکێکی فراوانە . چەندین زاراوە لە خۆدەگریٚ ، وەکو (نوێکراوە، نوێخوازی، تازەکردنەوە)، ئەم وشانەش هەموو بۆ یەك مەبەست بەکاردەهێنرێن ، هەروەها لەزمانە ئەوروپییەکاندا و لە وێژەی عەرەبیشدا چەمکی جیاوازی هەیە ، هەردووشەی ( تجدید ) و ( حداپە ) یان

بەکار هێنــاوە و لــەزمانی ئینگلیزیشــدا ، هەردووشــەی (modernism) و (innovation) بــەکار دەهێنرێن .

وەکو سەرەتـای بەکارهێنـانی وشەی مۆدێرن هەر لە سەردەمی رۆمانیيەکانــەوە بــەکار هــاتووە، وشــەی (مۆدێرن) بەواتـای (تـازە) یی هـاتووە، لەکاتێکدا وشەی (کۆن) بەمانـای پێوەندی بــەرابردووەوە، وشــەی (مۆدێرن modern ) بۆ یەکەم جار رۆمانییەکان لەسەدەی شەشەمی زاینیيدا لەوشەی (mode)، واتە: نوێیەتی دایانتاشیوە.

هەروەها وشەی مۆدێرن لەرووی سیمانتیکەوە (semantic) واتا: (دەلالەتی زمانەوانی)، ئاماژە بەسێ جۆر مانا دەکات: مانـای یەکەم بەمانـای ئێستا دێت، کەئەمە دژمانـای لە ئەوە بەرە ..... ، مانــای دووەم بەمانـای تـازەدێ، کەدژمانـای کۆنە، مانـای سێیەم بریتییە لە passing کەدژە مانـای ئەبەدییە(١٦).

لەروونکردنەوەی ئەم چەمکەوە، دەگەینە ئەو ئە نجامەی کەژیان ناوەستێت ، قۆنـاغ بە قۆنـاغ گۆڕانکاری بەسەر هەموو جومگەکانی دا دێت، کە پێی دەڵێن: نوێبوونەوە، چونکە هیچ شتێکی ئەورووداوانە یان دیاردانە لە هی پێشوویان ناکەن، زەمەن لە گۆڕانکاری بەردەوامدایە، رووداوەکان لەسەر بارێك ناوەستن. ئێمە لەم خستنە رووە گشتییەی سەرەوە دەگەینە چەند بەرە نجامێك : یەکــەم : (نــوێ) گــەلێك واتــای جۆراوجــۆر دەگەیەنێت، بەڵام دەبنە یەك مەبەست.

دووەم: بەشێوەیەکی گشتی ، یەکێك لەواتـاکانی بــیری نوێخــوازی و تـازەگــەری ، کــە لــە فەلســەفەی ئەوروپیدا و لە فەلسەفەی ئەمڕۆی رۆژ هەڵاتیشدا پێی لەسەر دادەگیرێ ، بریتییــە لــەوەی، کــە مــرۆڤ و کۆمەڵ، یان داهێنـان، واتە تێکستی ئەدەبی و کاری هونەری ، حیساب بۆئێستای بوونی خۆیان بکەن؛ مرۆڤ و کۆمەڵ هەوڵ بدەن کە ئەمڕۆیی بن ؛هونەرو ئەدەبیات پرسیار لە بارەی هاوچەرخ بوونی خۆیان بکەن؛

سێیەم : بیری (نوێ) و (نوێگەری) بیرۆکەیەکی رێژەییە – ئەگەر باوەڕمان بەدینامیکییەت هەبێت.

چوارەم : تـازەکردنەوە و نوێگەرایی کردەوەیەکە دینامیکی و بەردەوامە لە کۆنەوە هەر هەبووە ، بەڵام مۆدێر نیزم میتۆد و فەلسەفەیەکی دوای سەردەمی رێنیسانسی ئەوروپایە، لەئەوروپاوە بەرەو لای نەتەوەکانی رۆژ هەڵات هاتووە .

پێنجــەم: ئــەدەبیاتی کــوردی ، لەژێرکاریگــەرێتی راســتەو خــۆ و ناراســتەوخۆی ئــەومۆدێر نیزمــە ئەوروپاییەدایە، کەوتە خولیای تازە کردنەوەو کەڵکەڵەی نوێگەرییەوە ؛
رەخنەگرانی (الحداثە) یان زۆرینەیان داکۆکی لەسەر داماڵینی ( تجرید ) هەڵبەست (القصیدە) لــەکێش و سەرڕوای دەکەن لە روانگەی رکابەری ئەوەی، کە کێش مەرج نییە لە هۆنراوە دا، ئەوان پەنا دەبەن بۆ سۆز بە توخمێکی گەوهەری دادەنێن لە شیعردا ؛

<u>داهێنان:</u> بەردەوام بیرکردنەوەی ئارەزوو مەندانە نییە، بەڵکو سەیرکردنی زانراوەناسراوەکانە بەشێوەیەکی جیاواز لەوەی پێشوو کەدەیزانین، پاشان گەشەدان بەو سەیرکردنە یە هەتا دەبێتە فیکرە یەك و پاشــان نەخشەی بۆ دادەڕێژرێت هەتـا دەبێتە داهێنان و دەست دەدات بۆ بەجێ هێنان و بەکار هێنان(١٧).

داهێنـــان جۆرێکــە لــەجۆرەکانی نوێکردنــەوە ، کــە بریتییــە لــە هێنانەکایــەی شــتێکی هونــەری ،هزری،ئەدەبی،زمانی ،وهتد.... کە لە پێشدا نەهاتبێت ، بەمە جومگەکانی ژیان نوێدەبێتەوە دەتوانێت بەگۆڕێکی نویٚ رێڕەو ببڕێت .

// دونیای شیعر، دنیای ڕەگ داکوتان و داهێنان و کشان بەرەو رووناکییەکی شاعیرانەیە، بەرەو رووناکی هەمیشە و دیسان بەردەوامی لەداهێنانی تازەتردا .... رووناکی بەرەو رزگاری مرۆڤ و قیمەتی مرۆڤایەتی ....(١٨)

## ٣-شێواز و نوێکردنەوەی ئەدەب

یۆنان بەکۆنترین سەرچاوە دەناسرێت، لە سەرچاوەی بووژانەوەی ئەورووپیدا. لای عەرەبەکان ئەدۆنیس (علی احمد سعید) پتر لە چل ساڵە لە خولیایەکی فیکری لە چوار چێوەی هۆنراوە و نووسین دەخولێتــەوە، لەگەڵ (أنسی الحاج و محمد الماغوگ و محمد الفزی و ....هتد)، وەکو کۆمەڵێ گە نجانی هۆنیار و بیرمەند و رۆشنبیری نوێخواز لە شەستەکانی سەدەی رابردووەوە. هەوڵی خۆیان خستۆتەگەڕ بۆ نوێکردنەوە.

هەر لەوسەردەمەدا وەکو سەردەمی نوێکردنەوەی دووەمی دوای گۆران، کۆمەڵێ گەنج و لاوی کورد بەچەند گرووپێکی نوێگەری ئەدەبییەوە ، کە گرووپەکانی (روانگە – سلێمانی) و (شیعری نوێی کفری)ن ، ئەم هەوڵە دیارە لە (هەولێر) و دەڤەری بادینانیش دراوە بۆ نوێکردنەوە. ئەمانە شان بە شانی ئەو گرووپە نوێکردنەوە عەرەبییانە دەرکەوتوون و چەشنێك لە چەشنەکانی هاوکــاری و کاریگــەری لــە نێــو گرووپــە عــەرەبی و کوردییەکاندا هەبووە* ، بۆ نموونە گرووپی شیعری (٦٩) ی کەرکوك کە لە شەستەکانی سەدەی رابردوو سەری هەڵداو پێشینەشی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی پە نجاکانی هەمان سەدە، کە ئەدیب و بیرمەند (فازل عەزاوی) پێشەنگی ئەو گرووپە بوو لەگەڵ کۆمەڵێك ئەدیبی کورد و عەرەب و تورکمان و مەسیحی، کە پێکهاتەی ئەو گرووپە بوون، بۆ نموونە (محی الدین الزنگەنە و قحگان الهرمزی و جلیل القیسی، زهدی الداودی، سەرگون پولص، جان دمۆ، یوسف الحیدری، انور الغسانی)، ئەم گرووپە بەنوێگەری دوای سێکوچکەی نوێکردنەوەی هۆنراوەی عەرەبی لە عیراق دا (بدر شاکر السیاب، نازك الملائکە و عبدالوهاب البیاتی) ناسران، هەروەکو گرووپەکانی روانگەو و گرووپی کفری کەم خایەن بوو. هەندێکیان تووشی گرتن و دەربەدەریی تاراوگە بوون. بەلأم شوێنەواریی کاریگەری ئەم گرووپانە دیارە لەبەرهەمە ئەدەبییەکاندا تاڕا پەڕین دەوامی کرد.

ئەدۆنیس لە رێگەی گۆڤاری (المواقف)ەوە، کە لەفەرەنسا دەردەچێت و خۆی خاوەنی ئیمتیازێتی نزیکەی (١٦) شانزە بەرهەمی هۆنراوەیی شێرکۆ بێ کەسی بەوەرگێڕاوەیی بلأوکردۆتەوە (١٩). ئەم نوێخوازە عەرەبانە پێشکەوتن خوازن، بە چاوێکی مرۆیانەوە و بەچەکی هۆنراوەکانیان دەڕواننە کێشەی کورد. ئەمانە کێشەی سیاسی عەرەبییان پێوەست کردووە بە بەرهەمە شیعری و ئەدەبی و فیکرییەکانیانەوە. وەکو چۆن کێشــەی نەتەوەیی کورد لای گرووپە کوردییەکان کێشەیەکی ئەدەبی ناوەندییە ، هەروەها گرووپە عەرەبەکانیش بۆ نموونە کێشەی فەلەستین لایان، کێشەی ناوەندییانە . لای ئەدۆنیس جۆرە ناجۆرییەك (تناقض) دەبینین لە نوسینی و هەڤپەیڤینە ئەدەبی و فیکرییەکانی. ئەو لە شوێنێکدا قورئانی پیرۆز بەیەکەم کەلە پووری فیکری و یەکەم سەرچــاوەی نوێگــەری دەناســێنێت. کەچــی لەشــوێنێکی تــردا، کــە زۆر گرنگــە ئــەویش تێــزی

دكتۆراكەیەتی، قورئانی پیرۆز بەزمانە رەوانبێژییەکەی و پڕ (اعجاز)ەکەی و فەرهەنگە زمانییە قورسەکەی و عەرەبییە پاراوەکەی بەرێگر دەزانێت لەرێگەی نوێگەری دا، کە مەبەست زمانی شیعرییە و بنەمایەکی بەهێزی ئەونوێگەرییەیە. ئەمە یاخود ئەم دووهەڵوێستە جیاوازە لەنرخ و بەهای نووسینی و هەوڵ و ئەزموونە ئەدەبی و فیکرییەکەی کەم ناکەنەوە، چونکە نوسەران و ئەدیبان و بیرمەندان بە پێی قۆناغ هەندێ جار لە راوبۆچوونی پێشوویان پەشیمان دەبنەوە و ئەمەش بەنوێگەری دەزانن .

ئەوەی دەمەوێت لێرەدا بیڵێم هەوڵەکانی نوێکردنەوە لە هۆنراوەی کوردی زەمینە و تایبە تمەندی و ئەزموونی تایبەت بەخۆیەوە هەیە. بەڵام دەرگا واڵا کراوەیە بۆ کارتێکردن و کاریگەری ئاڵوگۆڕکار لەسەر یەکتری لەگەڵ هۆنراوەی عەرەبی و نەتەوەکانی دراوسێ وەکو یەکێك لەمەرجەکانی ئەدەبی بەراورد کاری و نوێکردنەوە، کە هیچ لە پیرۆزیی نوێکردنەوەی هۆنراوەی کوردی کەم ناکاتەوە، بەڵکو دەوڵەمەندی دەکات . بەرامبەر بەوەش ئەدەبی نەتەوەکانی دراوسێ درەنگتر لەچاو ئەواندا کاریگەری ئەدەبی کوردییان لەسەرە بەهۆی کەناڵە زۆر فراوانە کانی ئەدەب و گەیاندن و خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی لەلای هەندێ لە نووسەر و ئەدیب و هۆنیاری نەتەوەکانی تر. کەتەکان و گوڕ و تەوژم و هێز بە هۆنراوەی ئەونەتەوانە دەدات .

<u>تەوەری دووەم</u>

<u>١-نوێکردنەوە لە شیعردا (التجدید فی الشعر )</u>

کاتێ دەڵێین نوێ، ئەمە دەمانبات بۆ ئەوەی کە کۆن هەیە ، کەوابوو هەردووکیان دوو چەمکی بەرامبەر بە (دژ) یەکن لە واتادا، هەروەها پێوەستن بە پێوەستێکی تۆکمەی رووداوێکی مێژوویی قۆناغێکی دیاری کراو ، ...

بەڵام نوێگەری (الحداثە) وەکو چەمکێکی وێژەیی چەسپ بەبیرێکی زانستی (ئایدولۆجیایی) بە قۆناغێکی دیاریکرا و لە مێژووی ئەدەبی بیانی، بۆیە وا پێویست دەکات، ئەو قۆناغەی کەدوای ئەم دێت ناو بنرێت دوای نوێگەری (Post modernism). قوتابخانەکانی لەم قۆناغەدا زۆر ترە لەوەی پێشووی، شێوەی شۆڕشێکی گرتووە کە هەموو بنیادی ئەدەبی گرتۆتەوە.

نوێکردنەوە بە سادەیی، واتا، داهێنان و خوڵقاندن بخەینە سەر بنەمای کۆن .... بۆیە (جین اوستن) وەکو چەمکێکی ئایدۆلۆجی ئەدەبی وەسف دەکات و دەڵێت: (دۆخێکە لە گۆڕان، لەوانەیە بۆ باشتر) ..... وەعیزرا پاوەندیش وتەی: (نوێکە) دووبارە دەکاتەوە.

مرۆڤ دەوروبەری خۆی پەرە پێ دەدات ، لە پشکنینێکی بەردەوامی گۆڕان و نوێکردنەوەدایە . گەرلەسەر یەك دۆخ بمێنێت رزین و مەرگ دەیخوات . گۆڕان سروشتێکی مرۆڤایەتییە و داوایەکی هونەرییە، (تونی بینکنی) دەڵێت: دەبێت هونەر لەرووی بابەت و شێوەوە شان بەشانی ئەو ژیان و چالاکی کۆمەڵگە ئامێزە بێت، کە سنووری لاسایی کردنەوەی بەزاندووە ..... گومان لەوەدا نییە ، کەنوێکردنەوە بە وێنەیەکی پلەیی و کاوەخۆ دێت لە دۆخە سرووشتییەکانی کۆمەڵگەکان ...... سەرەڕای بوونی چەند نموونەیەکی مێژوویی عەرەبی، کە گۆڕان تێیاندا زۆر زەق بوو – (بشار بن برد) یەکەم کەسە بنچینەی پارێزگاری تێکدا و بیردۆزەی

(الفساد و الانحلال/ گەندەڵی و هەڵوەشاندنەوە) ی لەناو بنیاتی قەسیدەدا دەمەزراند. کاتێ لێیان پرسی؟ وتی : ئەوەی (قریحە : ئارەزوو) بۆ منی هێنابێ و سروشتم داوای لێکردبم، قەبووڵم نە کردووە[٢٠].

**٢-نوێگەری لای شاعیرانی کورد.**

شاعیرانی سەدەی بیستەم ڕێبازی شاعیرانی کلاسیکیان شکاندووە، بۆ نموونە بە جۆرێکی تر وەسفی برۆیان کردووە کە تازەگەری و داهێنانی پێوەدیارە ، شاعیرانی نوێ لەش جوانی ئافرەتیان لەدیاردەکانی سروشت بەجوانترین زانیوە ( پێچەوانەی شاعیرانی کلاسیك)ە ، کە بەلایانەوە ، مرۆڤ نزمترین سەرمایەیە، جوانی سروشت بەهۆی مرۆڤەوەیە ، گەر مرۆڤ نەبێت ، سروشت ئەوجوانییەی بەخۆوە نابینێت ... گۆران دەڵێت :

بەڵام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز
بێ ڕووناکییە بێ بزەی ئازیز

(لەتیف هەڵمەت ) ی شاعیریش بەراستی داهێنانێکی داهێنەرانەو بیرقووڵ و پڕمانای شۆڕشگێڕانە لەوێکچواندنی برۆدا دادە هێنێ و دەڵێ:

من کچێکم خۆش دەوێ، بەدەستی خۆی
تاڵ تاڵ، برژانگی، برۆی
هەڵکێشێت و هەمووی بکا
بە پەرژینی ئەم شارە[٢١]

گەر (گەڕانەوە بۆ سروشت بەراورد کەین لەگەڵ ژیانی شاردا، واتە دونیای ڕزگاری و ئازادی بەدەستکارییەوە ، مەبەستی ئێمە لە سروشت خاکە بە بەرزایی و نزمییەکانیەوە و ئاو و ئاسمانە و ژیانی لادێیە، لێرە دا ژیان نوێ دەبێتەوە ، هزری مرۆڤ ئازاد دەبێت هەوای پاکی سروشتی ئازاد هەڵدەمژێت مرۆڤی تاك خۆی دەبینێتەوە ،تەکان دەدات بە گوڕم و گڕوتینێکی نوێوە ، دەوروبەری نوێیە ، جادەست دەکاتە دەربڕین . خۆ ئەگەر شاعیریش بێت ئەوا بەشیعری نوێ بەبیری نوێ بە داهێنانی نوێ شیعرەکەی دادەڕێژێت، شێخ نوری شێخ صالح و گۆران دەست پێك و یەکەم هەنگاو هاوێژ بوون لەم مەیدانەدا . هەڵبەتە سروشت و هێزی ئەدەبییان لە شاعیرانی نوێخوازی تورك وەرگرت، کە ئەوانیش لە شاعیرانی نوێ خوازی دوای ڕۆشنگەری لەئەورووپا وەرگرت . هەردوو شاعیری ڕۆمانسی ئینگلیزی (وردز ورس، کۆلێریدج ) پێشەنگی شاعیرانی ڕۆمانسی ئینگلیزین و داوای گەڕانەوەیان بۆ سروشت کرد. پێوەندی نێوان مرۆڤ و سروشت زۆر لەم بانگەوازە کۆنترە. ئەو بۆچوونەی فەیلەسووفەکانی یۆنان زیاتر ئیفلاتون، کە داوای دەکرد مرۆڤ لاسایی بکاتەوە. دەبێت لەنوێگەری دا فاکتەرو بنەمای (ستاتیکایان لەبیر نە چێت، کە بریتییە لەهونەری جوانی. سیمایەکی سەرەنج ڕاکێش بەبەرهەمی ئەدەبی دەدات و چێژێکی بەهێزی هونەری پێ دەبەخشێت. لەوەڵامی پرسیارێکی عبدالرزاق بیماردا، ئاراستەی گۆرانی کردووە، کەتازە کردنەوە کە چی بوو ؟ گۆران لەوەڵامدا دەڵێت :

(١) یەکێتی بابەت (وەحدەی موچوع)یان هێنایە کایەوە.

(٢) تەرتیبی قافییەکان گۆڕان.

(٣) گەرچی شیعر هەر لەسەر (عروج)ی عەرەبی هۆنراوەتەوە، لەم سەردەمەدا، بەلاّم (مجزوء)ەکانی عەروزیان وەرئەگرت .... ئەم تازەکردنەوەیە بە (تقلید)کردنی ئەدەبی تورکەکان روویدا ، بەلاّم ئەدەبی تورکی جوولاّنەوەی تازەتری لیّ دەرکەوت ، تورکەکان لە رووی کیانێکی (قەومی) یەوە ئەهاتن کتێبی هەڵبەستە شەعبییەکانیان، ئەژیانەوە، لەسەر ئەم کێشانە هەڵبەستیان دائەنا ،.... کە ئەمەش کێشی هیجایە ئیتر من تەنها بە کۆششی ئەوان نەوەستام وزمانی هیجاشم وەرگرت و بەکارم هێنا و لەم کاتەدا لە سوریە کامەران بەدرخان و قەدری جان لە رووی هەستێکی نەتەوایەتییەوە هەڵبەستێکی هیجائیان دادەنا و لەگۆڤاری هاواردا بلاّویان دەکردەوە[٢٢].

ئەگەر شیعری کلاسیکی لە دەورەی بابان لەسەردەمی نالی و سالم و کوردی، نوێگەرییەکی بەخۆوە بینی، ئەوا لەژێر کاریگەریی ئەدەبی فارسی و عەرەبی دا بوو، ئەم شیعرانە بەشیعری حوجرە ناسراون ، نەکەوتنە ژێر کاریگەریی نوێکردنەوەی شیعری کلاسیکی لە ئەوروپا، چونکە شیعری کلاسیکی ئەوروپی نوێ لەژێر کاریگەریی بنەماکانی شیعری کلاسیکی یونانی و رۆمانی دا بووە.

٣-هۆکارەکانی دەرکەوتنی شیعری نوێ بۆ ئەم خالاّنەی خوارەوە دەگێڕێتەوە :

١) بێ برەوی بازاڕی شیعری جیهانی بەشێوەیەکی گشتی لەنێوان ئەدیبان و خەڵکیدا. هۆیەکەشی دەگەڕێنێتەوە بۆ والاّبوونی نهێنییەکان، بۆ نموونە بابەتی خۆشەویستی و ژن، چونکە ژن و ئافرەت ئێستا نهێنییەکی نەزانراو یان قەدەغەکراو نییە وەکو رابردوو، کە ئەندێشە قەرەبووی ئەو نهێنییانەی دەکردەوە. کەوابوو ئەندێشە رۆڵێکی گرنگی بوو لەشیعردا بەگشتی ئێستا قەتیس بووە و ئەو ئەرکەی کەم بووەتەوە بۆ دۆزینەوەیەکی خەیاڵاوی نهێنی یان قەدەغەکراو.

٢) ..... لەجیاتی ئەندێشە سمبوولیەت (الرمزیە) لە داهێنراوەکانی ئەم شێوازەیە، (واتا: نوێگەری - توێژەر)، یان بانگێشتە بۆ وەلاخستنی رێزمان و گەردان (الصرف).

٣) شاعیران و ئەدیبان پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی زمانەوانی نامۆ بۆ جولاّندنی ئەندێشە، وەکو (رووباری خەون دێ) ...، دیارە ئەمە دەچێتە بواری میتافۆری نوێوە، کە یەکێکە لەشێوازەکانی شیعری نوێ.

٤) ئەم شیعرە نوێیەی ئێستا لاوازە، دوای ئەوەی شیعری نوێ کێش و سەرواى شکاند، هەر کەسێ هات و بەناوی شاعیرییەتەوە گۆزەی خۆی پڕکرد. ئیتر شاعیری باش لە خراپ جیانەکرایەوە.

٥) لەدەمەکانی شیعری نوێ، دۆخەکە دوو سەرییە: یان شاعیر شارەزای شیعری بیانییە، دوور لە عەرەبی، بەمەش وێنەی شیعری نامۆ لەشیعری عەرەبی لا دروست بووە ، یان ئاگاداری ئەدەبی عەرەبییە و وێنەکانی نوێ نابنەوە.

٦) هەروەها لە پەتاکانی شیعری نوێ. شاعیر ئاتاجی زمانی شیعرییە، وێنە لەمێشك و دەروونی دا جۆش دەخوات ، بەلاّم ناتوانێ بەئاسانی دەری بڕێ، چونکە زاڵ نییە بەسەر ئەو زمانەدا.

حسن الكرمی دەڵێت: بانگێشە بۆ نوێگەری لە شیعری عەرەبی دا، گۆڕانی ناوەڕۆکەکان ئاراستەی دەکات، دەبێت ڕاستگۆ یانە بێت و لەبەهای شیعری عەرەبی (سەرگوزەشتەدار: المأیور) کەم کاتەوە، شیعر شتێکە دەروونی پیٚ دەجۆشیٚ، بەوشە دەیهاوێژێتەسەر زمان. دەبێت جوڵێنەرێك بێت دەروون ژانی پێوە بگرێت وەکو: خۆشەویستی، نیشتمانی، ئاینی، سۆزداری ......هتد ..... ئەمڕۆ لەجیهانی عەرەبیدا ئەمەنابینین!

تەنکیی بیرۆکەکان هۆکارێکی بەهێزە بۆ دابەزینی شیعری عەرەبی لە ئێستادا .... ئەوەش پشت هەڵکردنە لە کەلەپوور .....

ماوەتە بڵێین، شیعری نویٚ هەیە پەیگیری (تفعیلە) یە، کە یەکەی سەرەکییە لە کێشەکانی شیعری عەرەبی، هەروەها پەیگیری بەسەرەوە هەیە. بەمە هەندیٚ لە موسیقای شیعری پێوەست دەپارێزیٚ. ئەم شیعرەش داماوە لەناوەڕاستی ڕێگەدا داماوە، لەنێوان شیعری لاسایی (تقلیدی)، (من زاراوەی باوم پیٚ باشترە- توێژەر) و لە قەسیدەی پەخشانی دا کە نە پەخشانە و نە قەسیدە .... دەتوانین باشەکەی لەژێر ناونیشانی (پەخشانی هونەری) دا تۆمار کەین[٢٣].

ئەمە ڕاکانی (حسن سعید الكرمی )ن لەبارەی شیعری عەرەبی نویٚ، وەکو خۆیشی بە پارێزەوە چووە بۆ مەسەلەکان، نەکو زۆری لەسەر بکەوێت، ئێمە دەتوانین لەو ڕایانە بەسەر شیعری کوردیدا پێکەڵە (تگبیق) یاخود پیادە بکەین، چونکە شیعر زادەی ویژدان و قەوارەی مرۆڤ و ڕێڕەوی مێژووە. بەتایبەت کورد هاوسنووری عەرەبە لە هەندیٚ خاڵی هاوبەشیدایەك دەگرنەوە.

بەشی سێیەم

تەوەری یەکەم

<u>نوێگەریی شێواز لە پەخشانە شیعری کوردیدا:</u>

ئەم چەشنە شیعرە مێژوویەکی لق و پۆپداری لە ناو ئەدەبی کوردیدا بۆ خۆی تایبەتکردووە، هەر لە دوو چامە هەواڵئامێزەکەی "نالی و سالم" تا دوو هاوینە گەشتە فۆتۆ ئامێزەکەی "گۆران"، ئەم چەشنە شیعرە لە سەر ئاستی جیهانی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم، لەسەر دەستی یەکەمین شاعیری نوێگەری جیهانی ئەمریکی ڕەگەز بەناوی (واڵت وایتمان)، کە بۆ یەکەمجار توانی کۆت و لەمپەر و یاسا و ڕێسا توندەکانی شیعر بشکێنێت و سەرواى ڕەها بێنێتە ناو یەکێك لە بەرهەمە نوێگەرابیەکەی، کە پەخشانە شیعرێکە، بەناوی (گەڵاکانی، بەرگەکانی پووش – The Leaves of weeds ).

یەکێك لە سیماکانی، پەخشانە شیعر، درێژکردنەوەی ڕستەی شیعرییە و، هەندێجار بەسەر دوو نیوە دێڕە شیعرەکەدا دابەش دەبێت، ئیتر ئەو ڕستە (سادە، لێکدراو، پرسیاری، سەرسوڕمان، پرسیاری سەرسووڕمان، هەواڵی) بێت. ئەم درێژکردنەوە جۆرە ڕەهاییەکی بەخشیوە بە مجۆرە شیعرانە، هەر لە واتای وشەی پەخشانەوە لەوە دەگەین، کە وشە و دەستەواژە و ڕستە بەرواڵاییەکیان بۆ ڕەخساوە، بەڵام بنەماکانی شیعری تێیدا پارێزراوە.

لەگەڵ بزوتنەوەی گەشەکردنی شیعری نویٚ لە سەرەتای حەفتاییەکاندا، (بەتایبەت دوای دەرکەوتنی هەردوو گروپی "ڕوانگە، کفری" و گرووپی کەرکوکیش، (کەوا شێوە زمانەکانی کەرکوکی گرتبووەوە. توێژەر). جۆرێك دەربڕین و شێوە زمان و شێوازێکی دیکەی وەرگرت، شاعیران لە برەوپێدانی بەردەوامن.

( صباح رەنجدەر)[*]، کە لە ناوەراستی هەشتاکانەوە هەموو خولیا و توانستە هەڵبژێردراوەکانی لەم ژانرە ئەدەبییە تاقی کردووەتەوە. کە ئێستا دەرفەتی ئەوە نییە لەسەری بدوێین، چونکە ئەم بابەتە تایبەت نییە. ئەوەندە هەیە لە چامەیەکی شیعری درێژدا جووڵەیەکی دیکەی داوە بە زمانی ئەم چەشنە شیعرە، دیارە سروشی ( إلهام ) چامەیەکی درێژی تۆکمە و بژاردەی پەخشانە شیعری کورد یمانە.

دەگەینە ئەنجامێك لە ئەنجامەکان، کە پەخشانە شیعر زەوینەیەکی لەبار و فراوانە بۆ نوێبوونەوەی شیعر و لەمدا خۆی دەبینێتەوە، دیارە چامەکەی ( نالی و سالم ) بە سەرەتای چامەی شیعری دادەنرێت. هەندێ جاریش پێی دەڵێن: ( رۆمانە شیعر ).

دەتوانین مامۆستا ( شێرکۆ بێکەس ) بە یەکەم کەس دابنێین کە پەخشانە شیعری نووسیوە و بۆتە سروشێك بۆ خەڵکانی تر[**].

نموونەی، یان کۆپلە هۆنراوەیەکی لە جۆری پەخشانە شیعری ( صەباح رەنجدەر ) – ( خەون وا خۆی گێرایەوە ) ل٤١:

هەفتەی ئاسوودەیی ئەی بەردەوام لە پێشبڕکێ و
پێشوارنی
ئەم گیتار و ئاوازە دیاری خوای دڵگەشو ئارام
بە جوانیی بوو بۆ من
نەیانهێشت لە ئاهەنگی سەرکەوتنم
بیانکەمە سروودی گوڵی لە سێبەر گەشەکردووی
ئەو میوانانەی بە فەرمانی نووسەری هەموو ژیان
لە بەر تیشکی بەرهەمی بێپەروایی
پەرستراو و سروشت خەونیان دەگەشاندەوە

لە خوێندنەوەیەکی شیعرییانەی ئەم کۆپلەیە، ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە، کە ناتوانین ( بەیت ) دەستنیشان بکەین، وەکو چۆن لە هۆنراوەی ستوونی ( کلاسیك ) و هۆنراوەی ئازاد ( نوێ ) دەستنیشانی دەکەین. لە داڕشتندا بە زمانی شیعری داڕێژراوە و لە قاڵبیشدا لە قاڵبی هۆنراوە دەچێت. کەوا بوو ناتوانین بڵێین: پەخشانێکی رووتە، بەڵام دەشتوانین بڵێین: شیعرێکە، لای کەم لە شیعری ئازاد دەچێت و دەچێتە رەوتی مێژوویی ئەزموونی شیعری جیهانییەوە و پراکتیزە کراوەوە. کورد وشەی خۆی لەم مەیدانە نوێییەدا وتووە.

لەم کۆپلە و لە کۆپلەکانی تری ئەم جۆرە شیعرەدا سەروام نەدی، وەکو جووت سەروا، تاك سەروا و ... تاد. بەڵام کە دەیخوێنیتەوە، هەستدەکەیت های لە ناو جۆرە دنیایەکی شیعریدا، هەست بە دابڕانی شیعری ناکەیت، هەندێ جار وایبۆ دەچیت کە بیری نوێی تێدا داڕێژراوە، کەوابوو دەبێت لە قاڵبێکی نوێدا و لە زمانێکی نوێدا، واتە: لە شێوازێکی نوێدا دابرێژرێتەوە، وەکو ئەو بیرە نوێیانەی کە لە شێوازی شیعری نوێدا، یان ئازاددا داڕێژراوە. گەشەی بیر، یان رەهای ئایدیا، بەجۆرێك لە جۆرەکان پێوەندییەکی راستەوانەی هەیە بەرەهایی شیعرەوە، لە یاسا و رێساکانییەوە، واتە: رەهای زۆر، بیری زۆر، رەهایی کەم ( کۆت و بەند )، بیری یەکەم. بەلای منەوە ئەو شاعیرانەی لە رەوتی نوێگەری بەردەوامن، ئەو شاعیرانەن، لە

ڕەوت و ئەزموونی شیعر دانەبڕاون و بە دواداچوون و خوێندنەوە و پیاچوونەوەی ورد و قووڵیان لە سەر ئەزموونی شیعر هەیە. سەرکەوتن و ڕەهاییان بە دەست هێناوە، ئاگایان لە گۆڕانکارییەکانی جیهانی ئەدەب هەیە، کە بریتییە لە نوێبوونەوە و بونیاد نان، کەوابوو ڕەوتێکی هاوبەشی جیهانی هەیە بۆ نوێبوونەکە، ( پەخشانە شیعر ) بەشێکە لەو ڕەوتە، کە جیهانبینییەکی روونی تیا بەدیدەکرێت[٢٤]، شوێن کەڵە پەنجەی شاعیرانی کورد لەم مەیدانەدا روون و دیارە.

**تەوەری دووەم**

**شێرکۆ بێکەس و پەخشانە شیعر:**

لە وەڵامی پرسیارێك، کە ئاراستەی ( شێرکۆ بێکەس ) کراوە، باس لەوە دەکات، کە ئەو هۆنەرەوەی کورتترین شیعری کوردییە ( پۆستەرە شیعر – توێژەر ) و درێژترین هۆنراوەیشن، پرسیاری ئەوەی لێدەکرێ بۆچی بەرەو هۆنینەوەی قەسیدەی درێژ ڕۆیشتوون و ئارەزووتان پیشان داوە، ئایا شیعری کورت توانای دەربڕین و وێناکردنی ڕەنج و ئازارە بێکەنارەکانی نەتەوەی کورد نەبووە و نییە؟

شێرکۆ بێکەس لە وەڵامدا دەڵێت:

"ئەوەی ئێوە دەیڵێن، بە تەواوی راستە، کارەسات و ڕووداوی وا گەورە و قووڵ و پان و بەرینن، کە وشە توانای دووبارە نواندنی ئەو ڕووداوانەی نییە، من هەستمکرد، کە دەبێت ڕووداوێکی تازە لە شیعری کوردیدا روو بدات، ئێمە پێویستیمان بەوە بوو، کە لە قۆناغی دووبارە بوونەوە تێپەڕین، من بەو ئاکامە گەیشتم کە دەبێت دەست بکەینە ئاڵوگۆڕ لە شێوە و مانای شیعری کوردیدا، یەك داهێنانی تازە، جۆرێك چیرۆکی توندوتۆڵ، کە ڕەگێکی لە شیعردا هەیە، سەردەمی ئێمە، بەتایبەتی ژیانی ئێمە، پێداویستی لە دایکبوونی ڕێگەیەکی نوێی لە شیعردا پێویست کردووە، شیعر و چیرۆك دەڕۆن، تا بەتێکەڵبوونی کۆتایی بگەن. هەوڵی من ئەوەیە، کە لە شیعردا کارێك بکەم، شیعرێکی تازە کە باڵای هێندەی ڕەنج و ئازار و ئەشکە نجەکانی میللەتی کورد بەرز بێت، لەیەك قسەدا، وای بۆ دەچم کە هونەرەکانی ڕۆژ بە ڕۆژ لە یەکتر نزیك دەبنەوە و دیوار و سنوور و بۆشایی نێوان هونەرەکان لە حاڵەتی فڕێدان و نەمانی تەواودان"[٢٥].

لەم هەڤپەیڤینەدا، دەگەینە ئەو دەرئە نجامەی، کە هونەری پەخشانە شیعر، هونەرێکی نوێی هۆنینەوەی شیعرە و ئاماژەی راستە و خۆی بۆ نەکردووە، زەرووڕەتێکی قۆناغە، ئەو دەتوانێ بە زمان و بە هونەری نوێوە، ڕووداوە درێژ و دژوارەکان بگرێتە ئامێز، بە پێی ئەوەی ڕووداوەکان بەشێوازی نوێ دێنە گۆڕێ، دەبێت بە زمان و شێوازی شیعری نوێوە بێتە مەیدان.

باس لە تێکەڵبوونی هونەرەکان دەکات، ئەمەش باس لە نوێگەرییەکی گەورە دەکات لە داڕشتنەکان، بەتایبەت لە داڕشتنەوەی هۆنراو باس لە چیرۆکی ڕووداوەکان دەکات، کە بە شیعر دابڕێژرێتەوە، لە پێشدا زۆر چیرۆك بە شیعر هۆنراوە، چ فۆلکۆر، چ دانراو، وەکو ( مەم و زین )ی شاکاری ( ئەحمەدی خانی )، بەڵام ئێستا چیرۆکەکان زیاتر پێوەستن بە باری سەختی سیاسی کوردستان بەگشتی، ( دەربەند پەپوولە ) کە بە پەخشانە شیعر هۆنراوەتەوە، نموونەیەکی زەقی ئەم راهێنانەیە.

**تەوەری سێیەم**

**چەند نموونەیەك لە هۆنراوەی نوێی کوردی:**

فەرهاد شاكەلی لە هۆنراوەی (ونبوون لە ناو وشەدا)، دەڵێت:

گوڵۆپەكانی شارەكەم لە گێژاوی تەرمی رەشا
ئەتوێنەوە، نیگای نەخۆشی كوێرێكن
ئەڕۆم بەسەر شەقامێكا مەمك
لە ژێر پێما ئەقیژێنێ
باڵدارەكان شەقەی باڵیان دیاریی شەوە،
چەقۆی ئازار
داستانێكە بۆ كۆتایی گیانی خەوە.
دیوارەكان..! دەرگاكانی ئاسنی سارد..!
كوا ئافرەتی خۆشەویستی شەوی ژیانم؟
من نازانم
دەرگاكەمان چۆنە رەنگی؟
زین پێكەنینی ئەخاتە سەر لێوی شەنگی...؟[٢٦]

لەم كۆپلەیەدا، رستەی درێژی دابەشبوو بە سەر دێرە شیعردا بەدی دەكرێت وەكو: (ئەڕۆم بەسەر شەقامێكا مەمك لە ژێر پێما ئەقیژێنێ)، هەروەها میتافۆری نوێ بەدی دەكرێت، وەكو (گێژاوی تەرمی رەش).

شێركۆ بێكەس لە هۆنراوەی (باڵا) بەم شێوە (هەڵە بجەی شەهید) دەلاوێنێتەوە:

چۆن بتوانم دوو چاو بكەم بە پێنج هەزار گۆم و زەریا
دوو دەست بكەم بە پێنج هەزار كۆڵە وژی رەش هەڵگەڕاو
دڵێ بكەم بە پێنج هەزار پەڵەهەور
قوڕگێ بكەم بە پێنج هەزار گەرووی تاساو
من ئەزانم ئا ئەم ژانە
وشەم ئەباتە گڵەومو
هەرگیز پە نجە
لاواندنەوەی چەند درێژ بێ
ناگاتە باڵای هەڵە بجە![٢٧]

لەم كۆپلەیەدا رستەی درێژی دابەشنەبوو بەدی دەكرێت، وەكو لە یەكەم دێردا، لە سێ نیوەی دێری كۆتاییدا نەیویستووە هیچ درێژییەك بگاتە باڵای هەڵە بجە. هەتا درێژی ئەندێشەی شیعری پە نجەی لاواندنەوە.

لەتیف هەڵمەتیش لە هۆنراوەی (چوار هەڵبەست لە رۆژژمێری دیوارێكی ماندوودا)[٢٨]

١- شەوگاری هار وەك مسی ژەنگی یادگار
بۆگەن ئەكاو شی دەبێتەوە
هەموو شتێك وەك تارمایی
دەریا رەنگ هەڵبزڕكاوەكان
خامۆش و مەیبوە
ژیان لە گلێنەی ئاگرینی خەوێكی سڕا گوێی بۆ ئاوازی
ئەو نوێژە وەریوە شل كردووە
كە وەك گۆرانی ئەستێرە زەردەكانی پشت ئاوێنەی تەمەن
لە سەر گومەزی جیڕی مزگەوتی
شارە بریندارەكەمانا ئەتوێتەوە

دەسا ئەی كرمە ئاوڵاوییە دڕەكانی
ئازار و ئاسۆری
لە لاشە مردووەكانی بخۆن
لە توخنی گۆڕستانەكان بكەون بە هیچ كلۆجیٚ
زەوی ئاوسی بوركانێكی بەفراویە[٢٩]

لە خوێندنەوەیەكی شیعری نوێدا بۆ ئەم كۆپلەیە، ژمارەیەك میتافۆری نویٚ بەدی دەكەین، وەكو سیمایەك و دیاردەیەكی زەقی ئەم گرووپە، وەكو: (شەوگاری هار، مسی ئاو ژەنگی یادگار، دەریا رەنگ هەڵبزڕكاوەكان، گلێنەی ئاگرینی خەویٚكی سڕ، نوێژە وەریوەكان، بوركانی بەفراوی... هتد)، ئەوەی شایانی باسە، ئەم چەشنە میتافۆرانە بەم پانتاییە لە شیعرەكانی پێش نوێكردنەوە بەدی ناكریٚن.

## ئەنجام

١) یەكێك لە سیما زەقەكانی سروشتی رەوتی ژیان بە گشتی و جومگەكانی بەتایبەتی، كە ئەدەب یەكێكە لەو جومگانە نوێبوونەوە و نوێكردنەوەیە. چونكە هیچ جووڵە و دیاردەیەك لە سەر یەك رەوش ناوەستیٚت، گەر وا نەبیٚت ژیان خامۆش دەبیٚت ، بەڵكو دەمریٚت.

٢) گەر تەماشای رەوش و رەوتی ئەدەبی بەتێكرا بكەین، دەبینین گۆڕانكاری پەیتا پەیتای بە سەردا هاتووە و قوتابخانە و رێباز و تەوژمی بە پێی زەمەنی گۆڕانكارییەكان لیٚ كەوتووەتەوە، ئەمەش هاوكات بووە لەگەڵ گۆڕانكارییە ئابووری، رامیاری، رۆشنبیری، كۆمەڵایەتی و سیستەمەكانی تر، چونكە ئەدەب بەشێكە لە ژیان و ئاوێتەی رۆژگارە، هەوێنەكەی ئەو گۆڕانكارییانەیە.

٣) فەیلەسووف و بیرمەندەكانی ئیغریق و رۆمان و ئەوروپا لە سەر نوێبوونەوە كۆكن، چونكە باوەڕیان بە خوڵقاندن و داهێنان هەیە، ئەم دوو دیاردەیەش خۆیان لە نوێكردنەوەدا دەبیننن.

٤) لە گۆڕانكارییەكانی دوای سەدەكانی ناوەڕاست، دەركەوتنی چەند نموونەیەك بوون، كە نیشانەكانی نوێكردنەوەیان هەڵگرتبوو، وەكو رێنیسانس و رۆشنگەرایی.

٥) لە قۆناغەكانی نوێكردنەوەدا شاعیران، نووسەران، هونەرمەندان وەكو پەیكەرتاشان، نیگاركێشان رۆڵی بەرچاویان هەبووە.

٦) ئەدەبی كوردی بەتایبەت شیعر و چیرۆك لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە نوێبوونەوە و نوێكردنەوەی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە. بەڵام ناڕاستەوخۆ واتە لە كەناڵەكانی دووەمی نوێكردنەوەی (توركی – عەرەبی).

٧) لە سەردەمی ئێستادا شاعیران و نووسەران و هونەرمەندان و بیرمەندانی كورد، توانیویانە هاوشانی گۆڕانكارییە خێراكانی جیهانی بن و بەم نوێكردنەوە رەوتی نوێبوونەوە بەرەو پێش بەرن. بەڵگەمانیش ئەوەیە كوردستان لە پێشكەوتنی بەردەوامدایە.

٨) زەمینەی لەبار لە كوردستاندا بۆ نویٚ بوونەوە هەیە ، سروشت ، بارە ناجێگیرەكانی رامیاری ، كۆمەڵایەتی ، نەریت و پەیوەندییەكان ، پەرەسەندنی رۆشنبیری ، وریایی ، هۆشیاری ، میدیاكان ، جیهانبینی (العولمە) ... هتد ... ، بۆیە دەبینین شاعیرانی كورد لە داهێنان و نوێكردنەوەدا لە بزوتنەوەی بەردەوامدان .

# مسيرة التجديد في الشعر الكردي

حسين محمود علي

**ملخـص البحـث**

الباحث :حسين محمود علي. جامعة كرميان .فاكلتي التربية .سكول التربية الاساس . قسم اللغة الكردية
اخذ التجديد والحداثة وما بعد الحداثة والمعاصرة ... الخ في الادب ولاسيما في الشعر قسطاً كبيراً من اهتماماتي الادبية والشعرية حتى تخصصت في الدراسات العليا ( الماجستير ) في هذا الموضوع فأخترت موضوع تجديد الاسلوب في اللغة والصورة والموسيقى الشعرية لأشعار وقصائد ( فرهاد الشاكلي ) وهو من رواد مجموعة كفري لتجديد الشعر مثل جماعة ( روانطة – المرصد ) في السليمانية التي قاد مسيرتها الشاعر الكبير ( شيَركوَ بيَكةس ) ، وتكمن معالم التجديد في هذه المدرسة وضمن المستويات الاتية :

١ ) اللغة / حيث تم استخدام الجمل الطويلة والتركيبية ذات المطالع الاستفهامية والشرطية والتعجبية وبإسلوب مجازي جديد واشباه جمل مجازية جديدة .

٢ ) استخدام الاوزان الشعرية الخفيفة والمعتمدة في الشعر الحر ، إضافة إلى قيام الجماعة بمزج زواحف وعلل البحور الخفيفة ( الهزج والرمل ) مع استخدام التقطيع المحلي الفلكلوري او السيلابي .

٣ ) اعتمدوا على وسائل تشكيل الصورة الشعرية – المبنية على التشبيه والوصف المباشر والتجسيد والتجديد وتراسل الحواس والخيال وفوق الخيال ( الفنتازيا ) والصورة الفنية . وعندما اقول فوق الخيال لا اقصد السريالية التي هي بحد ذاتها مدرسة فنية ظهرت في حينها في اوربا .

اعتقاداً مني بأن شيئاً مهمَاً وجديراً بالاهتمام قد حدث في الشعر الكردي المعاصر على ايدي جماعة التجديد وعلى مستوى الافراد لأن رياح التجديد قد هبت من امريكا واوربا منذ القرن التاسع عشر فتأثرت ادبيات الشعوب المنضوية تحت حكم الامبراطورية العثمانية بها ، فكان نصيب الادب الكردي لابأس به منها ، وهذا لايعني بأن الشعر الكردي لم يكمن في رحم ولادته الشعرية حتمية التجديد .

من هذه المنطلقات اعددت هذا البحث تحت عنوان ( مسيرة التجديد في الشعر الكردي ) بأسلوب اكاديمي ، الغرض منه عام حيث إن إعداد هذه البحوث والدراسات من صلب اعمال الاستاذ الجامعي ، وخاص حيث اقدَمه كبحث للترقية العلمية ان هذا البحث يتكون من (ثلاثة) اقسام و يتكون كل من المحورين الأول والثاني من (أربعة) محاور والقسم الثالث يتكون من (ثلاثة) محاور، لعلي آتٍ بشيء جديد لم يأت ذكره فيما مضى وهذا هو جوهر البحث .

المصادر التي استخدمتها في اعداد هذا البحث فهي متنوعة تفي بالغرض ، واعتمدت طريقة تحليل ماورد في المصادر والمراجع والتعليق عليها واغنائها بما يعود بالنفع والتحليل وتتطلب التوضيح كدراسة نقدية وتقييمية لعلي اخرج منها بنتائج قيِمة تؤدي او تفي بالغرض المنشود .

# Modernism route in Kurdish poetry

**Abstract**

Hussein Mahmud Ali .University of Garmian. Faculty of Education. School of Basic Education. Kurdish Department

The subjects of renovation, modernism, post-modernism, etc. attracted my attention greatly until I specialized in them in my M.A. study where I chose the topic of "Renovation in the Language and Poetic Picture and Music in the Poetry of Farhad Shakali". The poet (still alive) is one of the pioneers of Kifri Group of renovation in poetry like Rwanga Group in Suleimani led by the great Kurdish poet, Sherko Bekas.

The characteristics of renovation in this school can be decided upon these levels:

١. Language: Long and compound sentences were used that were characterized by questions, exclamations, conditional sentences in addition to metaphorical and quizi- metaphorical sentences.

٢. The use of light poetic meters that are used inFree Verse. The group also combined the extended vowels of the light metrical units along with the use of local and syllabic feet.

٣. They depended on the methods of forming poetic pictures that use direct description, simile, personification, correspondence of senses, imagination, fantasy and poetic picture. By fantasy, I do not mean surrealism that is an independent poetic school that appeared in Europe.

I believe that the group of renovation individually brought about an important and noteworthy development in the Kurdish contemporary poetry because renovation has started off in Europe and America since the ١٩th century. As a result the literature of the nations ruled by the Ottoman Empire was influenced by the European and American phenomenon and the Kurdish literature had its due from that new trend, but this by no means, means that renovation did not appear from within that literature.

Taking these notes into consideration, I wrote this paper entitled "The Caravan of renovation in the Kurdish poetry" with general and particular purposes in mind; It is general since such papers are cornerstones of the duties of the university staffs. Nevertheless, it has its own particular purpose because it aims at scientific promotion.

The paper is divided into (three) chapters each one of which is subdivided into ( ٢,٢,٣) sections, hoping that I can come out with a new idea never tackled before. Various sources are used in writing the paper and the researcher tried to analyze their contents and comment on them in order to come out with valuable results from the paper that can serve its intended purpose.